# كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان (1991-1996)

ID No. 783

(PP 206 - 219)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.4.14

**زانا یادگار ستار**

بەشی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر

zana.sattar@su.edu.krd

**دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان**

بەشی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر

dilshad.m.a@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/11/23**

**پەسندكردن : 2022/12/23**

**بڵاوكردنەوە : 2023/09/27**

**پوختە**

كاری ڕێكخراوەیی بە هەموو بوارەكانییەوە یەكێكە لە سیما دیار و بەرچاوەكانی كۆمەڵگەی شارستانی، ڕێكخراوەكانی بواری قوتابیانیش پانتاییەكی فراوانیان لە كاری ڕێكخراوەییدا پێكهێناوە. هەرچەندە بوونی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە كوردستاندا زیاتر خواست و پێداویستییەكی حیزبییە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا توانیویانە خزمەت بە توێژی قوتابیان و ناوەندەكانی خوێندن بكەن.

كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان وەك یەكێك لە ڕێكخراوە دیارەكانی بواری قوتابیان لەم توێژینەوەیەدا تیشكی خراوەتە، ئەگەرچی نەتوانراوە هەموو لایەنەكانی كاری ڕێكخراوەیی ئەم كۆمەڵەیە نیشان بدرێت، وەلێ هەوڵدراوە چمكێك لە مێژووەكەی ڕۆشن بكرێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا دۆخی كۆمەڵەكە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری(1991) ڕوونكراوەتەوە، هەروەها باسی كۆنفرانس و كۆنگرە نێوخۆییەكانی ڕێكخراوەكە كراوە و تێیدا ئاماژە بە ململانێ و دووبەرەكی نێو ڕەوتە جیاوازەكانی كۆمەڵەی خوێندكاران كراوە، دواتر هەڵوێست و ڕۆڵی كۆمەڵەكە لە ڕووداوەكانی كوردستان بە تایبەت شەڕی ناوخۆ خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە ڕۆڵی ئەم ڕێكخراوە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا كراوە.

**وشە سەرەكییەكان:** قوتابی، ڕێكخراو، كۆمەڵگەی مەدەنی.

## 1-پێشەكی :

بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد لە سەدەی بیستەمدا، وابەستەییەكی تەواوی بە توێژی قوتابیان و لاوانەوە هەبوو، بەوپێیەی زۆرێك لە كارەكتەرە سەرەكییەكانی جوڵانەوەكان، كەسانی دەرچوو یان قوتابی ناوەندە جیاوازەكانی خوێندن بوون، ئەمەش وایكرد قوتابیان و لاوان لە لایەن پارت و ڕێكخراوەكانەوە گرنگیی تایبەتیان پێبدرێت. هەربۆیە دەبینین هەموو حیزبە سیاسییەكان لە پاڵ دامودەزگا جیاوازەكانیاندا، دەزگایەكی تایبەتی بۆ ئیشوكاری قوتابیان و لاوان بە ناوی ڕێكخراو یان كۆمەڵەوە دامەزراندووە.

كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستانیش، یەكێكە لە ڕێكخراوە دیارەكانی بواری كاریی ڕێكخراوەیی، ئەم كۆمەڵەیە لە سەروبەندی دامەزراندنی (یەكێتی نیشتمانی كوردستان) لە ساڵی (1975)، لە هەناوی ئەو حیزبەوە پەیدا بوو، لە ساڵانی دوای ڕاپەڕیندا ڕۆڵ و پێگەی دیاری هەبوو، هەروەكو بەشێك بوو لە ململانێ سیاسی و حیزبییەكانی باشوری كوردستان.

توێژینەوەكە لە پوختە و پێشەكی و دەروازە و ناوەڕۆك پێكهاتووە، لە گەڵ لیستی سەرچاوەكان، لە دەروازەدا زەمینەیی دامەزراندنی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان باسكراوە، دواتر دۆخی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دوای ڕاپەڕینی (1991) و هەنگاوەكانی خۆڕێكخستنەوە ڕوونكراوەتەوە و باسی یەكەمین كۆنگرەی كۆمەڵەی خوێندكاران كراوە، كە بە كۆنگرەی دامەزراندن ناودەبرێت، هەروەها لێكەوتەكانی ئەم كۆنگرەیە ڕوونكراوەتەوە. لە تەوەرێكی تردا هەڵوێستی كۆمەڵەی خوێندكاران لە بارەی پێشهات و ڕووداوە سیاسییەكانی كوردستانەوە خراوەتە ڕوو، هەروەها تیشك خراوەتە سەر ڕۆژنامەگەری كۆمەڵەی خوێندكاران، ئاماژە بە گرنگترین ئەو بڵاوكراوەنە كراوە كە لەلایەن كۆمەڵەی خوێندكارانەوە دەركراون.

### 2.1: گرنگی توێژینەوەكە

نوسین و توێژینەوە لە بارەی مێژووی ڕێكخراوەكانی قوتابیان بەشێوەیەكی گشتی كەمە و لە ئاستی پێویستدا نییە، بەتایبەت دەربارەی مێژووی (ك.خ.ك) هیچ توێژینەوەیەكی زانستی لە بەردەستدا نییە. ئەم توێژینەیە هەوڵێكە بۆ نوسینەوەی چەردەیەك لە مێژووی ئەو ڕێكخراوە.

**2-1: ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەوەیە بە پشتبەستن بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان مێژووی یەکێك لە ڕێکخراوە دیارەکانی بواری قوتابیان بخاتە ڕوو، هەروەها لە هەڵوێستیان لە بارەی پێشهاتە سیاسییەکانەوە بکۆڵێتەوە، ئەوەش دەربخات کە بواری کاری ڕێکخراوەیی لە دوای ڕاپەڕین لە چی دۆخێکدا بووە.

**3-1: ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیدا ڕێبازی مێژوویی بۆ گەیشتن بە ڕاستی بابەتەکان بەکارهێنراوە، سەرەتا کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان لەبەرچاوگیراوە، پاشان بۆچوونە جیاوازەکان بۆ دەرخستنی ڕاستی بابەتەکان خراوەتە ڕوو.

**4-1: گرفتەکانی توێژینەوەکە**

کێشە سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا کەمی یان نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بوو بە بابەتەکە، لە لایەکەوە بەهۆی دۆخی ئێستای ڕێکخراوەکە کە هەڵپەسێردراوە، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی پەرتەوازەبوونی ئەرشیفی کۆمەڵەکە، هەربۆیە زیاتر پشت بە ڕۆژنامە و گۆڤاری بەستراوە، بە تایبەت ئەوانەی کە لەلایەن خودی کۆمەڵەی خوێندکارانەوە دەرکراون.

**2- پێناسەکان**:

**1-2: قوتابی** ئەو کەسانەی کە خەریکی نوسین و خوێندن بێت لە هەر ناوەندێکی خوێندندا، چەند زاراوەیەکیان بۆ بەکاردەهێنرێت، وەکو قوتابی، خوێندکار یان فێرخواز، هەندێجاریش خوێندەڤان. هەرچەندە دەوترێت وشەی قوتابی لە (کتابی) عەرەبییەوە هاتووە، واتا ئەوکەسی بە نوسینەوە خەریکە، بەڵام ئەم وشەیە بە شێوەیەك لە نێو زمانی کوردیدا بڵاوبووەتەوە، وەك ئەوەی بنەڕەتی وشەکە کوردی بێت. هەروەکو چۆن لە زمانی عەرەبیدا (تلمیذ و طالب) و لەزمانی ئینگلیزیدا ( pupil , student)هەیە کە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بەکاردەهێنرێت، لە زمانی کوردیشدا وشەی (قوتابی و خوێندکار) هەیە (دەرسیم، 1997، ل5).

**2-2: ڕێکخراو** گوزارشتە لە کۆبونەوەی دوو کەس یان زیاتر، لەپێناو بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دیاری کراو، لەم پێناوەشدا پێکهاتە و پەیڕەوێك دیاری دەکەن کە پێکەوەیان ببەستێت. یان دەووترێ ریکخراو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کلتوری و هەندێجاریش ئایدۆلۆژییە، بەمەبەستی خزمەتکردن بەو توێژەی لە پێناویدا دامەزراوە، بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و قازانجی ماددی (عقیلی، 2010، ل17).

**3-2: کۆمەڵگەی مەدەنی**، سەرجەم ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە لە دەەروەی دامودەزگا و کاری حکومەتدا دەبنە دەروازەیەك بۆ پاراستنی ئازادی تاکەکەسی و چەسپاندنی مافی هاوڵاتیبوون. هەروەها فەراهەمکردنی ژیانێکی گونجاو بۆ تەواوی چین وتوێژەکان، کە سەرەنجام دەبیتە هۆی ئەوەی تاك بتوانێ بەشداریی کارای هەبێت لە بەرەوپێشبردنی کایە جیاوازەکانی ژیاندا. کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکە تێیدا دەسەڵاتەکان بەسەر یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردنی دابەشکراون (رشید، 2011، ل15).

**3- دەروازە:**

**پێشینەی مێژوویی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان:**

لە سەروبەندی دامەزراندنی (ی.ن.ك) و جارێکی تر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، ڕێکخراوێکی نوێی قوتابیان بەناوی (یەکێتی خوێندکارانی کوردستان) سەری هەڵدا، بەتایبەت بەهۆی ئەو بارودۆخەی حکومەتی بەعس لە دوای ساڵی (1975) هێنابوویە ئاراوە، بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن و گۆڕینی ناوی قوتابخانە کوردییەکان بە ناوی عەرەبی، نیگەرانی و بێزارییەکی زۆری توێژی قوتابیانی لێکەوتەوە، ئەمەش وایکرد لەبەرامبەردا جوڵانەوەیەکی خۆڕسکانە لەنێو قوتابیاندا دروست ببێت، لە کاتێکدا هیچ ڕێکخراوێکی قوتابیان بواری کارکردنی ئاشکرای نەبوو (مەلابەختیار، 1998، ل3). لەم دۆخەدا بە پێویست زانرا ڕێکخراوێك بۆ قوتابیان پێکبهێنرێت، تاوەکو قوتابیان لەلایەکەوە ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبێت، لە لایەکی تریشەوە بتوانن قوتابیان بەرەو ئاراستەیەکی پێشکەوتوخوازانە بەرن (غەفور، 2002، ل6).

ساڵی (1976) (جەلال تاڵەبانی)(1933-2017) نامەیەکی بۆ شاسوار جەلال ـ شەهید ئارام (1947-1978) ناردووە و تێیدا پێویستیی کۆکردنەوەی قوتابیانی کوردستان و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تۆکمەی قوتابیان خستووەتەڕوو، شاسوار جەلالیش دوای ڕەزامەندی

لەسەر بابەتەکە، داواکارییەکەی ئاراستەی (شوان سەعید ـ شامیل)[1] کردووە، بەهۆی ئەوەی ناوبراو کە سێکی لێهاتوو و خاوەن پەیوەندییەکی بەهێز بووە لەگەڵ قوتابیاندا، هەربۆیە لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی بەچاوی بینیوە (عەلی و ئەحمەد، 2001، ل54)٠ لە (26ی نیسانی 1976)، ڕێکخراوی (یەکێتی خوێندکارانی کوردستان)دامەزرا، دوای ماوەیەکی کەمیش وشەی (شۆڕشگێڕ) بۆ ناوی ڕێکخراوەکە زیاد کرا و بووبە (یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان) (فەوزی، 2001، ل27-28)، بەیاننامەی دامەزراندنیش لەلایەن (شەهید ئارام)ەوە نووسرا (عەلی و ئەحمەد، 2001، ل9)٠

سەبارەت بە ناوی ڕێکخراوەکە، مەلا بەختیار دەڵێت: "شەهید ئارام پێشنیاری کرد، ناوی ڕێکخراوەکە "یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان" بێ، وشەی "خوێندکاران"یش شەهید ئازاد هەورامی پەسەندی کرد، بۆ جیاکردنەوەی لە "یەکێتی قوتابیانی عێراق"ی سەر بە حیزبی بەعس" (مەلابەختیار، 1998، ل3)، دواتر لەسەر پێشنیاری مام جەلال، وشەی "شۆڕشگێڕ" لە ناوی ڕێکخراوەکە کرایەوە، بە پێی ئەوەی خەباتی قوتابیان خەباتێکی پیشەییە و دەبێت جێگەی هەموو قوتابییەکی تێدا ببێتەوە (کوردستانی نوێ، 2001، ل3)٠

(یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان) بەر لە ڕاپەڕین سێ کۆنفرانسی بەستووە، یەکەم کۆنفرانسی لە (5-9ی ئابی 1977)، تێیدا ناوی ڕێکخراوەکە گۆڕدرا بۆ (یەکێتی خوێندکارانی کوردستان) (کڵێسەیی، 2005، ل38)٠ کۆنفرانسی دووەم (لە 24-25ی حوزەیرانی 1982)، لە شاری سلێمانی لەژێر دروشمی (لەپێناو پتەوکردنی ڕیزەکانی یەکێتییەکەمان و گەشەدان بە بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان و گرێدانی خەباتمان بە خەباتی سەرجەم جەماوەری کوردستان) ئەنجام درا (نورالدین، 1993، ل15)٠ لە کۆنفرانسەکەدا دەستەیەکی نوێ کە لە پێنج کەس پێکهاتبوون هەڵبژێردران، (جەمال عەبدوڵڵا ڕۆستەم) بە سکرتێر هەڵبژێردرا (ئەسەسەرد، 2013، ل1232). سێیەمین کۆنفرانسی (ی.خ.ك) لە (تەمووزی 1984)، لە گوندی (خەتێ) لە دۆڵی بالیسان، بە دروشمی (بەرەو پتەوکردنی ڕیزەکانی یەکێتییەکەمان و گەشەدان بە خەباتی خوێندکاران و گرێدانی خەباتمان بە خەباتی سەرجەم زۆرلێکراوانی کوردستان)، لە کۆنفراسەکەدا (سمکۆ مەحموود) ناسراو بە "شاهۆ" بە سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردراوە (ڕێبازی خوێندکاران، 1998، ل5).

کار و چالاکییەکانی یەکێتی خوێندکاران بەشێوەی ئاشکرا، تاوەکو ساڵی (1986) بەردەوام بوو، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە بەهۆی سیاسەتی ترس و تۆقاندنی حکومەتی بەعس، یەکێتییەکە خۆی سڕ کرد و ئیشوکارەکانی وەستاند تاوەکو دوای ڕاپەڕین (فتح الله، 2002، ل28).

**1-4 دۆخی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دوای ڕاپەڕینی(1991)**

ڕاپەڕینی (بەهاری 1991) گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سەرجەم بوارەکان بەدوای خۆیدا هێنا، زەمینەیەکی لەباری بۆ دامەزراندنی چەندین حیزب و ڕێکخراوی پیشەیی جۆراوجۆر ڕەخساند، لەو نێوەندەشدا کاری ڕێکخراوەیی بەگشتی و ڕێکخراوەکانی قوتابیان بە تایبەت بەرەوپێشچوونی بە خۆوە بینی، چووە نێو قۆناغێکی نوێ و فۆرمێکی دیکەی کارکردنەوە (جەلال، 2001، ل9).

یەکێتی خوێندکارانی کوردستان کە لە ساڵی (1986)ەوە کار و چالاکییەکانی خۆی لەنێو شاردا سڕکردبوو، تاوەکو ڕاپەڕین هیچ دەستە و پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی نەبوو، لە ڕاستیدا ڕێکخراوەکە نەمابوو، بەڵکو ئەوەی هەبوو چەند دەستەو گرووپێك بوون بەناوی جیاجیاوە خەریکی کار و خۆڕێکخستنەوە بوون، گرووپی سلێمانی کە سەرەتا بەناوی (بنکەی خوێندکارانی کوردستان)ەوە کاریان دەکرد، لە (ئاداری 1991) دەستەیەکیان بۆ داڕشتنی بەرنامە و پەیڕەوێکی کاتی بۆ ڕێکخراوەکە دانا، کە پێکهاتبوون لە: (کەمال ئەبوبەکر، سۆران محیەددین، ئاریان عومەر، محەمەد عوسمان و زانا مەحموود)، لە کۆبوونەیەکی فراواندا بە بەشداری (120) قوتابی دەنگ لەسەر پەیڕەوەکە درا، دواتر ناوی ڕێکخراوەکە گۆڕادرا بۆ (یەکێتی خوێندکارانی کوردستان)، دواجار لە کۆبوونەوەیەکی تردا ناوەکەیان گۆڕی بۆ (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)، بڵاوکراوەیەکیشیان بە ناوی (نواڵە) دەرکرد (کەریم، 1993، ل3).

هاوکات لەگەڵ گرووپی سلێمانی دەستەی تریش هەبوون بە هەمانشێوە خەریکی ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانیان بوون، تاوەکو گەیشتە ئاستێك یەکێتی خوێندکاران جووڵەی تێکەوتەوە و هەنگاوی بەرەو خۆکۆکردنەوە و گۆڕانکاری لە کاری ڕێکخراوەییدا نا. ئەمجارە بە ناوێکی جیاواز و شێوازێکی دیکەی کارکردنەوە دەستی بە چالاکی کرد، بە تایبەت دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لە شارۆچکەی (شەقڵاوە) (ئەحمەد، 2001، ل9).

کۆبوونەوەکەی شەقڵاوە کە هاوشێوەی کۆنفرانس بوو لە (27-28ی تەمووزی 1991)، بە سەرپەرشتی حەسەن کوێستانی و ئازاد جوندیانی ئەنجامدرا (فتح الله، 2002، ل32)، لە ژێر دروشمی (چەك قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینمە ـ لە چاویاندا ڕوی ئازادیمە ئەبینم)، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمەڵەکە، کە هەریەکە لە شارێکەوە بەشداربوون، نوێنەرانی سلێمانی و ڕانیە و پیرەمەگروون بەناوی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)، نوێنەری شارەکانی کەرکووك، هەولێر و ڕەواندز بەناوی (یەکێتی خوێندکارانی کوردستان)، هەروەها نوێنەری ناوچەکانی سۆران، دیانا، هەریر، چۆمان، خەلیفان و بەردەڕەش لە بادینان، بەناوی (یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان)ەوە بەشدار بوون (بەڵگەنامە، بەیاننامەی دامەزراندنی (ك.خ.ل.ك)، 1991)؛ ( ڕۆستایی 1995، ل2).

هەموو ئەو ناوانە وەکوو پێشنیار خرانە ڕوو، دواتر بڕیاردرا بە لێکردنەوەی دەستەواژەی (یەکێتی) لە ڕێکخراوەکە، بۆ ئەوەی لە ناوی یەکێتی خوێندکارانی شاخ و یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیا بکرێتەوە، تاوەکوو پانتاییەکی فراوانتر بۆ کاری ڕێکخراوەی بڕەخسێنێت و ژمارەیەکی زیاتر قوتابی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە (خضر، 2022، سلێمانی). لە کۆتاییشدا بەیاننامەیەك بەناوی (بەیاننامەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان)ەوە بڵاو کرایەوە (بەڵگەنامە، بەیاننامەی دامەزراندنی (ك.خ.ل.ك)، 1991، ل؟).

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا بە پێناسەکردنی ڕێکخراو بە (کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان) و کورتکراوەی (ک.خ.ل.ک)، لەگەڵ دانانی دروشمەکانی (ڕەوشت، فێربوون، گۆڕان) بە دروشمی کۆمەڵەکە. هەروەها پرۆژە و کارنامەیەکی کاتی داڕێژرا بۆ ئەوەی تاوەکو کۆنگرە کاری پێ بکرێت، بڕیاریش درا بە هەڵبژاردنی سکرتێر لەنێو نوێنەرانی هەموو شارەکانی کوردستان (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی (ك.خ.ل.ك) 1991، ل9) (شێروانی، 2000، ل5) . هەر بۆیە لە لایەن ئەندامانی کۆنفرانسەوە، کە ژمارەیان (54) ئەندام بوو، سکرتاریەتێکی نوێ هەڵبژێردرا، کە پێکهاتبوو لە (14) ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و (کەمال ئەبوبەکر) وەك یەکەم سکرتێری دوای ڕاپەڕین هەڵبژێردرا (کەریم، 1993، ل3)، هەروەها بڕیاردرا بە دەرکردنی گۆڤاری (نواڵە) تاوەکو ببێتە زمانحاڵی ڕێکخراوەکە (ڕۆستی، 1997، ل2).

کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان بەم شێوەیە خۆی بنیات نایەوە و چالاکییەکانی دەستپێکردەوە، توانی بەشداریی بکات لە گردبوونەوەی ناڕەزایی قوتابیان کاتێك چوونە بەردەم پارێزگای هەولێر و چەند داواکارییەکیان هەبوو، هەروەها بەشداریی مانگرتنەکانی خەڵکی کوردستانیان کرد (شێروانی، 2000، ل5)، پێکهاتەی کۆمەڵەکە لەو کاتەدا، خۆی لە چوار لقی سەرەکیدا بینیوەتەوە، ئەوانیش لقەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەرکووك و دهۆك) بوون (گۆڤاری نواڵە، 1991، ل1).

لە (هاوینی 1992)، جارێکی تر گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ڕێکخراوەکەدا کرا، بەهۆی ئەوەی ڕووبەڕووی چەند گرفتێك بووەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە بەشداریی سکرتاریەت و بەرپرسی لقەکان، هەڵبژاردن بۆ سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران ئەنجامدرا، هەریەك لە (لەتیف شێخ عومەر، کەمال فەنان و زانا مەحموود) پاڵێوراو بوون، لە کۆتاییدا لەتیف شێخ عومەر، بە سکرتێری نوێی (ك.خ.ل.ك) هەڵبژێردرا (شێخ عومەر، 2022). ئەندامانی سکرتاریەتیش پێکهاتبوون لە: (تاهیر حمەخورشید، فواد حەمید، ماکۆك حەمەد، نورەددین سالح، عەباس محەمەد، حسێن پشدەری، شیلان جەلال و فریاڵ عەبدوڵڵا) (پەری أ، 1999، ل9).

ڕێکخراوەکانی قوتابیان بەگشتی تاوەکو ئەو ڕۆژگارە هێشتا چوارچێوەیەکی یاسایی و فەرمییان لەنێو یاسا کارپێکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەرنەگرتبوو، تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان یاسای تایبەت بە کۆمەڵەکانی دەرکرد. ئەنجوومەن لە (31ی تشرینی یەکەم) یاسای ژمارە (18)ی ساڵی (1993)ی بەناوی (یاسای کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان)[2] دەرکرد، کە لە (32) مادده پێکهاتبوو (وقایعی کوردستان، 1993، ل8). لە یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە (کۆمەڵە) هەموو (یانە، ڕێکخراو، یەکێتی، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سەندیکا و دەزگای خێرخوازی) دەگرێتەوە و حوکمی هەمان ئەو یاسایەیان هەیە (ڕەشید، 2012، ل57).

دوابەدوای دەرکردنی ئەو یاسایە، دەرگا بۆ دامەزراندنی چەندان ڕێکخراوی نوێ کرایەوە، ئەو ڕێکخراوانەش کە پێشتر هەبوون دەستیانکرد بە خۆگونجاندن لەگەڵ یاساکە و وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی. هەربۆیە (ك.خ.ل.ك) لە (2ی نیسانی 1994)، داوایەکی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە پەیڕەو و پرۆگرام و ناوی (15) کەس وەك دامەزرێنەری کۆمەڵەکەی لەگەڵدا هاوپێچ کرابوو. وەزارەتی ناوخۆش لە (17ی تەمووزی 1994)، وەڵامی داواکارییەکەی دایەوە و مۆڵەتی فەرمی کارکردنی بەو کۆمەڵەی خوێندکارانی بەخشی (ئەحمەد، 2001، ل9).

**2-4 کۆنگرەی دامەزراندن لە (1994)**

کۆنگرەی بەرزترین دەسەڵاتە لەنێو حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکاندا، لە کۆنگرەدا سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی دامەزراوەکەدا دەکرێت، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کەسی یەکەم و سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت. هەر لە کۆنگرەدا دەتوانرێت ڕێکخراوەکە هەڵبوەشێنرێتەوە، یان لەگەڵ ڕێکخراوێکی تردا یەك بگرێت، هەروەها ئامانج و ستراتیژی ئەو دامەزراوەیە دیاری دەکرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە دەبینی ڕێکخراوەکانی قوتابیانیش لە مێژووی کارکردنیاندا، چەندان وێستگەی بەخۆداچوونەوەیان لە شێوەی کۆنگرە و کۆنفرانسدا ساز کردووە (ڕێکانی، 2002، ل3).

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی کارکردن، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی یەکەمی دا، بۆ ئەم مەبەستەش لە (تەمووزی 1994)، لێژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان وەك هەنگاوێك پێش کۆنگرە پێکهێنرا(3)، دوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکان، کۆنگرە لە (25ی تشرینی دووەمی 1994) لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)، لە ژێر دروشمی (بەرەو بە دیهێنانی خواستە دیمکراتییەکانی خوێندکاران و خوێندنی هاوچەرخ) بەسترا (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، 1994، ل5).

کۆنگرەکە (2) ڕۆژی خایاند و (368) ئەندام تێیدا بەشدار بوون، دوای (6) دانیشتنی دوابەدوای یەکتر، گفتوگۆ لەسەر پەیڕەو و پرۆگرام کرا، بەرنامەیەکی نوێ دانرا و چەندان گۆڕانکاری لە کۆمەڵەدا ئەنجام درا، لەو نێوەندەشدا بە کۆی دەنگی بەشداربووان بڕیار درا ڕێکخراوەکە بە ناوی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)ەوە درێژە بە خەباتی خۆی بدات ((کوردستانی نوێ)، 1994، ل2)، هەروەها بڕیار درا بە گۆڕینی دروشمی (ڕەوشت، فێربوون، گۆڕان) بۆ (زانست، ڕەوشت، داهێنان) (پەری أ، 1999، ل9).

دواتر هەڵبژاردن بۆ مەکتەبی سکرتاریەت دەستی پێکرد، (37) ئەندام خۆیان بۆ ئەندامێتی ستافی نوێی سکرتاریەت هەڵبژارد، لەو ژمارەیە (9) کەس وەکو ئەندام مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردران، کە پێکهاتبوون لە: (دەشتی عەبدولعەزیز، بەهار حەمە مستەفا، عەدنان کاکەڕەش، شیلان جەلال، موکەڕەم حسێن تاڵەبانی، ساڵح عوسمان، سمکۆ ئەسعەد، فریاڵ عەبدوڵلا، جەلال عوسمان، نەجات مستەفا و خەلیل عوسمان)، و (2) کەسی تریش وەکو ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردران (ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، 1994، ل4)، دوای کۆنگرە لە (3ی کانوونی یەکەمی1994)، لە شاری هەولێر لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتەوە سکرتێری کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا (ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، 1994، ل5)، کە هەریەك لە (سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم، شاخەوان سەعید) پاڵێوراو بوون، دواتر بە هۆی پشتگیری لقی سلێمانی کۆمەڵەکەوە، سمکۆ ئەسعەد بە سکرتێری کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا (عەبـدوڵلا، 2022).

چەند ڕۆژێك بەسەر کۆنگرەدا تێپەڕی، ناڕەزایی و نیگەرانییەکان لەبارەی دەرەنجامەکانی کۆنگرەوە دەستی پێکرد، بە تایبەت بەهۆی شێوازی هەڵبژاردنی سکرتێرەوە، چونکە لە کۆنگرەدا تەنیا ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردران، بەبێ هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، هەر لەنێو مەکتەبی سکرتاریەتیشدا سکرتێر هەڵبژێردرا، کە دەبوو لەنێو مەکتەبی تەنفیزیدا هەڵبژێردرایە، ئەمە هەڵەیەك بوو بەهۆی فشارەکانی لقی سلێمانی، بەسەر کۆنگرەدا تێپەڕی (خضر، 2022). بەو پێیەی لقی سلێمانی لقێکی گەورە بوو، زۆربەی ئەندامەکانیان لە کۆنگرەدا بوون، هەروەها هەماهەنگییان لەگەڵ لقی کەرکوکدا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی گەرمیان و ڕانیەش بەشێك بوون لە سلێمانی، لقی دهۆکیش ئەندامیان کەم بوو، لقی هەولێریش ئەزموونێکی سەرەتاییان هەبوو، ئەمەش وای کرد لقی سلێمانی دەست بەسەر کۆنگرەدا بگرن و ئاراستەی هەڵبژاردنەکە بەوشێوەیە لێبکەن کە خۆیان دەیانەوێت (حەمەدئەمین، 2022).

دوای هەڵبژاردنی سکرتێر بەو شێوەیە، (مەلا بەختیار) کە ئەوکات لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ك)بوو، ی تووشی سەرسوڕمان بوو، نیگەرانی قوتابیانیشی بەدوادا هات، لە لایەکەوە بە هۆی ئەو هەڵەیەی لە کۆنگرەدا کرا، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی سمکۆ ئەسعەد بوو بە سکرتێر، کە کەسێکی زۆر ویستراو نەبوو لای مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، هەربۆیە بە پەلە ڕێچکەیەکی تر بۆ دەرباز بوون لەم گرفتە دۆزرایەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی لێپرسراوی سەرجەم مەڵبەندەکان ئەنجام درا کە (9) کەس بوون، هەموو ئەمانەش حیزب (ی.ن.ك) بە پلان و بە ئامانج، ئەنجامی دا (شێخ عومەر، 2022). ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت لە (30ی نیسانی 1995) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی سکرتێر، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، لە کۆوبوونەوەکەدا بڕیاریاندا بە گۆڕینی ناوی (مەڵبەند) بۆ ناوی (لق)، هەروەها مەکتەبی تەنفیزییان پێکهێنا، کە پێکهاتبوو لە ئەندامان سکرتاریەت و یەدەگەکان و لێپرسراوی مەڵبەندەکان، هەر لە کۆبوونەوەکەدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێگەی سکرتێر یەکلایی کرایەوە (بەڵگەنامە، مەکتەبی سکرتاریەتی (ك.خ.ك)، 1995، ل؟).

پرۆسەی پێکهێنانی مەکتەبی تەنفیزی نزیکەی (6) مانگی خایاند، دواتر لە (1ی ئایاری 1995)، هەڵبژاردنێك بۆ دیاریکردنی سکرتێر ئەنجام درا، هەریەك لە (بەهار حەمەمستەفا و ساڵح عوسمان) خۆیان پاڵاوت و ڕێگە نەدرا بە خۆپاڵاوتنی سمکۆ ئەسعەد، هەرچەندە وەك ئەندامی سکرتاریەت مایەوە، بەڵام دەستی لەکار کێشایەوە. دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان، ساڵح عوسمان زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و بوو بە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (خضر، 2022).

هێشتا ساڵێك بەسەر هەڵبژاردنەوەی سکرتێری نوێدا تێپەڕ نەببوو، جارێکی تر گۆڕانکاری لە مەکتەبی سکرتاریەت و مەکتەبی تەنفیزیدا ئەنجام درا، ئەویش لە ڕێگەی سازکردنی (پلینیۆم) ەوە، کە لە (16ی شوباتی 1996)، لە شاری هەولێر، بە دروشمی (لە پێناو پەرەپێدانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرتاسەریدا) بەسترا (پەری أ، 1999، ل9). پلینیۆم لەسەر داخوازی (ی.ن.ك) ئەنجام درا، بە مەبەستی ڕاستکردنەوی ئەو هەڵەیەی کە بەسەر کۆنگرەی یەکەمدا تێپەڕی، هەرچەندە چارەسەر کرا بووە، بەڵام چارەسەرەکە لە دەرەوەی کۆنگرە بوو، بۆیە بە پێویست زانرا لەو ڕێگەیەوە ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە. بەشداربووانی پلینیۆم لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەندامی لقەکان پێکهاتبوو (خضر، 2022).

لەم قۆناغەدا ململانێی باڵەکانی نێو (ی.ن.ك) لەنێو کۆمەڵەکەی خوێندکاراندا پەرەی سەند بوو، بە تایبەت لە دانانی سکرتێر لە پلینیۆمدا، دوو کاندید بوونی هەبوو هەریەکەیان لەلایەن سەکردەیەکی دیاری حیزبەوە پشتیوانی دەکران، (بەهار حمە مستەفا) لە لایەن مەلا بەختیارەوە پاڵپشتی دەکرا، (خەلیل عوسمان)یش بە پاڵێوراوی کۆسرەت ڕەسووڵ ناسرا بوو (پەری ، 2022)، هەرچۆنێك بێت بەهار حمە مستەفا دەنگی پێویستی نەهێنا و دوور خرایەوە، بەمەش گۆڕەپانەکە بۆ (خەلیل عوسمان) چۆڵ بوو، توانی بە دەنگی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ببێت سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ئەندامانی سکرتاریەتیش پێکهاتبوون لە: (نەجات ڕۆستی، دەشتی عەبدولعەزیز، کوردۆ عومەر، شاگوڵ، عەدنان کاکەڕەش، موکەڕەم حەسیب، هۆشمەند جەمال بابان و بەختیار مەلابرایم) (حەمەدئەمین، 2022).

سەبارەت بە پاڵپشتی کردنیان لەلایەن سەرکردەکانەوە، خەلیل عوسمان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە لەلایەن کۆسرەت ڕەسوڵەوە پشتیوانی کرابێت و هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبووبێت (حەمەدئەمین، 2022)، بەڵام بە تێڕوانینی ئێمە ئەستەمە لەو دۆخە پڕ لە گێرەوکێشەیەدا کەسێك بە بێ پشتیوانی بەرپرسێکی باڵا توانیبێتی پۆستێکی لەو شێوەیە بەدەست بهێنێت، بە تایبەت ئەمە لە کاتێکدا کێبڕکێکارەکەی خەلیل عوسمان لەلایەن کەسایەتییەکی وەکو مەلا بەختیار کە ئەوکاتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بووە، پشتیوانی لێ کراوە.

دەستوەردانە زۆرەکانی مەلا بەختیار لە کاروباری پلینیۆمدا، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)ی توڕە و نیگەران کرد، هەربۆیە بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی، ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی دوو مەکتەب بۆ ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە سلێمانی و هەولێر. (عیماد ئەحمەد) ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی کرا بە لێپرسراوی مەکتەبی سلێمانی و (عارف ڕوشدی)یش کرا بە لێپرسراوی مەکتەبی هەولێر، بەم جۆرە دەسەڵاتەکانی مەلا بەختیار بەسەر مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان کەم کرایەوە (حەمەدئەمین، 2022).

**3-4 پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکاران**

کۆمەڵەی خوێندکاران لە دوای ڕاپەڕینی (بەهاری 1991)ەوە تاوەکو کۆنگرەی یەکەمی لە (1994)، پەیڕەو و پرۆگرامێکی کاتی دارشت، کە لە چەندان ماددەی پێکهاتووە، لە ماددەی یەکەمدا هاتووە کە کۆمەڵەکە ناوی (کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان)ە، بە کورتکراوەی (ك.خ.ل.ك). لە ماددەی دووەمدا ئاماژە بە دروشمەکانی کۆمەڵەکە دراوە کە پێکدێت لە دروشمەکانی (ڕەوشت ـ فێربوون ـ گۆڕان) (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی (ك.خ.ل.ك) 1991، ل4).

پەیڕەوی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی (ك.خ.ك) لە ساڵی (1994)دا ناوی ڕێکخراوەکە بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و کورتکراوەی (ك.خ.ك)، هاتووە، پێناسەشی بەوە کراوە کە (ڕێکخراوێکی پیشەیی، خوێندکاری، دیموکراسی سەربەخۆیە، هەموو خوێندکارانی کوردستان بە بێ جیاوازی کردن لە ڕەگەز و باوەڕی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی دەگرێتە خۆ)، کە هەڵگری دروشمەکانی (زانست ـ ڕەوشت ـ داهێنان)ە (پەیڕەو و پرۆگرام، 1994، ل13).

**5-4 هەڕەمی ڕێکخراوەیی**

**لێژنەی خوێندنگە:** بچووکترین ئۆرگانە لە هەرەمی ڕێکخراوەیی (ك.خ.ك)دا، کە سەرپەرشتی کاروچالاکی قوتابیان لە ناوەندەانی خوێندندا دەکات، دەسەڵاتی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قوتابیانی هەیە لە دەوری کۆمەڵەکە، هەروەها گرنگیدان بە خواست و داواکاری قوتابیان و کردنەوەی خول و دەرکردنی بڵاوکراوەی سەر دیوار (پەیڕەو و پرۆگرام، 1994، ل17).

**کۆمیتە:** لە لێپرساوی لێژنەی خوێندنگە و بەرپرسی بەشەکان پێکدێت، سەرپەرشتی چالاکی و هەڵسوڕانی قوتابیان و دانانی نەخشە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە سنوری چالاکی خۆیدا دەکات. دەسەڵاتی لێپرسینەوەی لە لێژنەی خوێندنگە هەیە و مانگانە دووجار کۆ دەبێتەوە (پەیڕەو و پرۆگرام، 1994، ل19).

**لق:** لە لێپرساوی کۆمیتەکان و بەرپرسی بەشەکان پێکدێت، سەرپەرشتی کۆمیتە و لێژنەکانی خوێندنگە لە سنوری چالاکی خۆیدا دەکات، مافی دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری و کردنەوەی خولی ڕاهێنان و بەیاننامەی لەسەر ڕوداوەکان هەیە، هەروەها دەتوانێت سزای سەرپێچیکاری تا ئەندازەی سڕکردن بدات (پەیڕەو و پرۆگرام، 1994، ل20).

**مەکتەبی تەنفیزی:** دەسەڵاتێکی باڵای نێو پەیکەری ڕێکخراوەیی (ك.خ.ك)ە لە نێوان دوو کۆنگرەدا، کە لە سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەت و لێپرساوی لێژنەکان پیکدێت، مافی پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی هەیە. لە کاتی ئاساییدا دوو مانگ جارێك کۆدەبێتەوە، بە گوێرەی پەیڕەوی کۆنگرەی یەکەم ژمارەی ئەندامانی لە (15-21) ئەندام پێکدێت (پەیڕەو و پرۆگرام، 1994، ل21).

**مەکتەبی سکرتاریەت:** ئەم دەزگایە ئەرکی ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی کارنامە و پرۆژە پەسەندکراوەکانی مەکتەبی تەنفیزییە، لە نێوان دوو کۆبوونەوەی مەکتەبدا بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی ئەرك و پەیامەکانی کۆمیتەی تەنفیزی، ژمارەیی ئەندامەکانیشی بە پێی پەیڕەوی کۆنگرەی یەکەم (7-9) ئەندام پێکدێت (پەیڕەو و پرۆگرام، 1994، ل22).

**کۆنگرە:** بەرزترین دەسەڵاتی نێو ئۆرگانەکانی (ك.خ.ك)ە، بە جۆرێك کە دەتوانێت (پەیڕە و پرۆگرام، ناو، لۆگۆ و دروشمی) ڕێکخراوەکە بگۆڕێت، ئەندامەکانی پێکدێت لە ئەندامانی (مەکتەبی تەنفیزی، ئەندامانی لق، لێپرساوی کۆمیتەکان و نوێنەری هەڵبژێردراوی کۆنفرانسە ناوچەییەکان)، لە پەیڕەوی کۆنگرەی یەکەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە کۆنگرە لە حاڵەتی دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت (پەیڕەو و پرۆگرام، 1994، ل22).

### 4-6 هەڵوێستی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ڕووداوە سیاسییەکان

ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەگشتی و ڕێکخراوەکانی بواری قوتابیان بەتایبەت، بەو پێیەی لە هەناوی حیزبەکانەوە دەرکەوتوون، هەمیشە بەشێك بوون لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان. کەمجار هەبووە لە پێشهاتێکی سیاسیدا بێهەڵوێست بووبن، یان پێچەوانەی حیزبەکانیان هەڵوێستیان وەرگرتبێت، بە تایبەت لەو ڕۆژگارەدا بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا دابەش ببوو، حیزب و ململانێی حیزبایەتی بە تەواوی ڕۆچووبووە نێو ناخ و دەروونی زۆرینەی خەڵکییەوە، ئەمە وایکرد ڕێکخراوەکانیش خۆیان لەنێو بۆتەی حیزبەکاندا ببیننەوە و تەواوکەری کارەکانیان بن، هەندێکجار لە حیزبەکان زیاتر هەڵوێستیان لەمەڕ ڕووداوە سیاسییەکان توون بووە.

لەدوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان ڕووبەڕووی چەندان ڕووداو و دۆخی جۆراوجۆر بووەوە، دیارترین جووڵەی سیاسی لەو دەمەدا ئەنجامدانی یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردن بوو لە کوردستان. ئەم هەڵبژاردنە دوای ئەوە هات سەرکردایەتیی سیاسی، بە تایبەتی بەرەی کوردستانی، هەستیان بە شێواوی دۆخی دوای ڕاپەڕین کرد، هەر بۆیە لە (1ی ئاداری 1992) کۆبوونەوە و بڕیارياندا هەڵبژاردن ئەنجام بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکیان ڕاسپارد بۆ دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، لێژنەی تایبەتمەندیش لە (11ی نیسانی 1992)، یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی پەسەند کرد (حەسەن، 2017، ل20).

لەسەر بڕیاری بەرەی کوردستانی (19ی ئایاری 1992)، وەکو ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری کرا، لەو ڕۆژەدا دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و دیاریکردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەنجام درا، ڕۆژێکی مێژوویی و هەستێکی تایبەت بوو بۆ خەڵکی، کە پاش چەندان ساڵ لە جەور و ستەم ئێستا بە سەربەستی دەنگ دەدەن (هوف، 1992، ل6). کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستانیش پشتگیرییەکی تەواوی (جەلال تاڵەبانی) بوون بۆ ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەموو هەوڵێکیان لەو پێناوەدا داوە (شێخ عومەر، 2022).

یەکێك لە ڕووداوە دیارەکانی مێژووی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، شەڕی ناوخۆی نێواز حیزبەکانی باشوری کوردستان بوو لە پاش ڕاپەڕینی (1991)، شەڕ بە چەند قۆناغێك لە نێوان حیزبەکاندا ڕوویدا، سەرەتا شەڕ لە نێوان هێزەکانی (ی.ن.ك) و بزووتنەوەی ئیسلامی بەرپا بوو، دواتر شەڕ لە نێوان هێزەکانی (پ.د.ك) و (ح.س.د.ك) ڕوویدا، هەروەها شەڕی نێوان (پەکەکە) لە لایەك و هێزەکانی پارتی و یەکێتی لە لایەکی تر (ڕەشید، 2020، ل89،91)؛ (احمد، 2019، ل33)، (پەکەکە) هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە

هەوڵیدا جێ پێی لە ناوچە سنوورییەکان بەهێز بکات، بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندیی کوردستان، توانی لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر چەك و تەقەمەنی و ئەندامانی خۆی بخزێنێتە نێو شارەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کە سەرەتایەك بوو بۆ ناکۆکییان لەگەڵ بەرەی کوردستانی (ڕەسول، 2007، ل115)، هەر ئەمەش هۆکار بوو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای مانگی (تشرینی یەکەمی 1992) بڕیاری دەرکردنی (پەکەکە) لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان و ناوچە سنوورییەکان دەربکات، دەرەنجامەکەی پێکداداانی چەکداریی بوو لە نێوان هێزەکانی پەکەکە و پێشمەرگەدا (عەبدوڵڵا، 2014، ل153).

هەموو ئەمانە بوونە هۆی دابەشکردنی حیزبە بچووکەکان بەسەر حیزبە گەورە و دەسەڵاتدارەکاندا، بە جۆرێك (ح.س.د.ك) زیاتر لە (ی.ن.ك) نزیك بووەوە، بزووتنەوەی ئیسلامیش لە (پ.د.ك)، سەرەنجام دوو جەمسەریی هێز و دەسەڵاتی دارایی و سەربازی لە نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) هاتەکایەوە، ململانێی نێوان ئەو دوو هێزەش قوڵتر بووەوە تاوەکو دواجار لە (ئایاری 1994) شەڕی قورس و درێژخایەنی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)ی لێکەوتەوە (حەمەکەریم، 2013، ل57). ڕێکخراوەکانی قوتابیانیش هەریەکە بە شێوازێك هەڵوێستی خۆیان لەبارەی شەڕەکانەوە خستووەتەڕوو.

کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە دژایەتی خۆی بۆ سیاسەتەکانی (پەکەکە) خستەڕوو، بەتایبەت بەهۆی ڕێگریکردنی (پەکەکە) لە هاوردەکردنی خواردەمەنی و پێداویستی بۆ هەرێمی کوردستان. داوایان کردووە (پەکەکە) واز لەم ڕەفتارە بهێنێت و کۆسپ نەخاتە بەردەم خەباتی گەلی کوردستان، تاوەکو نەکەوێتە بەر شاڵاوی تووڕەیی جەماوەر (گۆڤاری (چەرموو)، 1992، ل1). کاتێك پەیوەندی نێوان (ی.ن.ك) و (پەکەکە) ئاسایی بووەتەوە، زنجیرە شەڕێکی تووند لە نێوان پارتی و پەکەکە سەرهەڵداوە، لەم کاتەدا (ك.خ.ك) بەهۆی ئەوەی پەکەکە و یەکێتیش هاوهەڵوێست بوونە، لەبارەی شەڕی نێوان پەکەکە و پارتییەوە هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبووە وهیچ جۆرە ئیدانە و ناڕەزایەتییەك دەرنەبڕیت.

دواتر شەڕی درێژخایەنی نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) سەری هەڵداوە، سەبارەت بە هەڵوێستی (ك.خ.ك) لە بەرامبەر ئەم شەڕە، بەوپێیەی حیزبەکەیان (ی.ن.ك) لایەنی دووەمی شەڕەکە بووە، هەمیشە هەڵوێستەکانیان هەڵقوڵاوی سیاسەت و دۆخی حیزبەکە بووە، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی (31ی ئابی 1996) ئەم ڕێکخراوە بە تەواوەتی دژایەتی و تووڕەیی خۆیان بەرامبەر (پ.د.ك) نیشان داوە. مەکتەبی سکرتاریەتی (ك.خ.ك) لە بانگەوازێکیدا بۆ سەرجەم قوتابیانی کوردستان داوایکردووە هەموو ئەو قوتابیانەی توانای هەڵگرتنی چەکیان هەیە، چەك هەڵبگرن و پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکەن، ئەوانەشی تواناایان نییە هاوکاری تیمە پزیشکییەکان بکەن، یان هاوکاربن لە ڕێگەی ناردنی خۆراك و دەرمان و پێداویستی بۆ بەرەکانی شەڕ و بەدەمەوەچوونی بریندارەکان (ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندکاران)، 1997، ل2). لە ڕاگەیەنراوێکی تردا داوایان لە ئەندامان و دۆستانیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ك) کردووە، خۆیان ڕێکبخەنەوە و پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەکەوە بکەن، تاوەکو لە کاتی گرتنی ئەو ناوچانە ڕاپەڕن و ڕۆڵیان هەبێت (ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندکاران)، 1997، ل1).

کۆمەڵەی خوێندکاران لە چوارچێوەی (کۆمیتەی هاریکاری)[(4)] بە هاوبەشی ئەندامی ئەو کۆمیتەیە چەند بەیاننامە و ڕاگەیەنراوێکیان لە بارەی شەڕی ناوخۆوە دەرکردووە. لە دوو بەیاننامەدا ئیدانەی هاوکاری سوپای تورکیا بۆ (پ.د.ك) و داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی کوردستان کردووە، داوایان کردووە سەرجەم چین و توێژەکان هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان بەرامبەر بە داگیرکارییەکان بگرنەبەر، داواشیان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە ڕێگری لەو داگیرکارییانە بکات، چەندجارێکیش زاراوەی "خیانەتکارانی 31ی ئاب و خیانەتکارانی پارتی و حیزبەکەی31ی ئاب و...." لە بەیاننامەکاندا بەکارهێنراون (ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندکاران)، 1997، ل6).

سەرەڕای ئەوانە (ك.خ.ك)، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە پاڵپشتییەکی زۆری خۆشکردنی ئاگری شەڕی کردووە، هەروەك لە سەروتاری ژمارە (17)ی ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندکاران) زمانحاڵی ڕێکخراوەکەدا هاتووە: "لەم مینبەرەوە بە خوێندکاران دەڵێین دەنگی ناڕەزاییان بەرزکەنەوە دژی خیانەتی 31ی ئاب کە لەلایەن بنەماڵەی میللەت فرۆشانەوە جێبەجێ کراوە" (ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندکاران)، 1997، ل1).

### 7-4 ڕۆژنامەگەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

ڕۆژنامەگەری قوتابیان، سەرجەم ئەو بڵاوکراوانە دەگرێتەوە کە لە لایەن قوتابیانەوە لە ناوەندەکانی خوێندن لە شێوەی گۆڤار یان ڕۆژنامە یاخود هەر جۆرە بڵاوکراوەیەکی تر بڵاو دەکرێنەوە. قوتابیان خۆیان بەشدارییەکی سەرەکییان تێدا هەیە، هەندێکجار لەلایەن مامۆستایانەوە هاوکاری دەکرێن، یان لە لایەن ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکانی تایبەت بە قوتابیانەوە دەردەکرێن، ئەوانەشی کاری تێدا دەکەن مەرج نییە ڕۆژنامەنووس بن، بەڵکو کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن (بابۆڵی، 2013، ل66).

ڕۆژنامەگەری ڕێکخراوەکانی قوتابیان دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێکدا:

ــ **ڕۆژنامەگەری (ناوەند)،** لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی ڕێکخراوەکەوە دەرچووە، وەکو زمانحاڵی ڕێکخراوەکە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

ــ **ڕۆژنامەگەری (پاشکۆ)،** ئەم جۆرە بە جیاواز لە ڕۆژنامەکە دەرکراوە، جا ئەگەر ساڵانە بوویێت یان بەهۆی بۆنەیەکەوە، بە شێوەی چەند بابەتێك، یان وەکو کتێب بڵاوکراوەتەوە (حەسەن و جامباز، 2000، ل39).

ــ **ڕۆژنامەگەری (بۆنەکان)،** ئەم جۆرە لە ڕۆژنامە تایبەت بووە بە بۆنە نەتەوەیی و حیزبی وەکو یادی ئەنفال، هەڵەبجە ، ڕاپەڕین... یاخو لە بۆنەکانی تایبەت بە ڕێکخراوەکە دەرچوێنراوە، وەکو کۆنگرە و هەڵبژاردن و ساڵیادی ڕێکخراوەکە، کە بە شێوەی پاشکۆ یان بە چەند پەڕەیەکی سەربەخۆ بووە (بابۆڵی، 2013، ل69).

ــ **ڕۆژنامەگەری (خۆجێی)،** ئەو بڵاوکراوە جۆراوجۆرانە دەگرێتەوە کە لەلایەن ئۆرگانەکانی وەکو: (لق، کۆمیتە، ناوچە و لێژنە...)ەکانی سەر بە ڕێکخراوەکەوە دەدەکران، چی لە ناوەندەکانی خوێندن بێت یان لە سنوری چالاکی دەزگاکەدا.

یەکێتی خوێندکارانی کوردستان بەر لە ڕاپەڕین چەند گۆڤار و بڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە، گۆڤاری (ڕێبازی خوێندکاران) وەکو ناوەندی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکە ژمارە (1)ی لە ساڵی (1981) لەشاخ چاپکراوە، تاوەکو (1982) تەنها (8) ژمارەی لێدەرچووە، گۆڤاری (باوەگوڕگوڕ) ژمارە (1) لە ساڵی (1983) دەرچووە ( عومەر، 2009، ل32،28)، هەروەها (3) ژمارە لە گۆڤاری (خەباتی خوێندکاران) لە ساڵی (1985)، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پۆستەری (ڕاپەڕینی خوێندکاران) لە ساڵانی (1982-1983) (پەری ب، 1999، ل17).

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (1991)، بەهۆی گەشەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن و کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر ناوچە و لێژنە کە زۆرجار هەریەکە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە چی لەسەر ئاستی قوتابخانەکە یان لە سنوری جوگرافیایەکی دیاری کراودا، ئەمەش وایکرد ڕۆژنامەگەری لای ڕێکخراوەکانی قوتابیان هەنگاوی گەورەی بنێت و چەندان بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەربکەن (بابۆڵی، 2013، ل130).

### 8-4 بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

لەم بیبلۆگرافیایەدا تەنیا ئاماژە بەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە دەکەین کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە دەرکراون، چی لەسەر ئاستی مەکتەبی سکرتاریەت بوو بێت، یان لە لایەن ئۆرگانەکانی تری، پێویستە لێرەدا ئەوەش بووترێت لە ڕیزبەندیکردنی بڵاوکراوەکاندا پشت بە بەرواری دەرچوونیان بەستراوە، هەروەها ئاماژە بە ناوی ستافی بڵاوکراوەکان نەکراوە، ئەوەش بەهۆی تایبەتمەندی ڕۆژنامەگەریی قوتابیان کە بەردەوام گۆرانکاری لە ستافی بڵاوکراوەکەدا کراوە.

| ناوی بڵاوکراوە | جۆری بڵاوکراوە | ئەو لایەنەی دەری کردووە | ساڵی دەرچوون | شوێنی دەرچوون | ژمارەی دەرچوو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاستی | ڕۆژنامە | لقی هەولێر | 1991 | هەولێر | 1 | بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە |
| نواڵە | گۆڤار | مەکتەبی سکرتاریەت | 1991 | سلێمانی | 5 | |
| مانگرتن | بڵاوکراوە | ك.خ.ل.ك | 1991 | سلێمانی | ـــ | |
| ڕوناکی خوێندکار | ڕۆژنامە | کەرتی کفری | 1991 | کفری | 4 | |
| تامان | بڵاوکراوە | لیژ.کۆلێژی ئاداب | 1992 | هەولێر | 3 | |
| میدیا | بڵاوکراوە | لقی دهۆك | 1992 | دهۆك | 2 | |
| ڤۆلکان | بڵاوکراوە | کۆمیتەی ئامێدی | 1992 | ئامێدی | 2 | |
| چەرموو | گۆڤار | کۆمیتەی چەمچەماڵ | 1992 | چەمچەماڵ | 2 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کازیوە | گۆڤار | مەکتەبی سکرتاریەت | 1993 | هەولێر | 6 | |
| پەیامی خوێندکار | ڕۆژنامە | مەکتەبی سکرتاریەت | 1993 | هەولێر | 1 | پاشکۆی کوردستانی نوێ ژمارە(341) |
| ئاڵای هەڵبژاردن | ڕۆژنامە | مەکتەبی سکرتاریەت | 1994 | هەولێر | 4 | پاشکۆی کوردستانی نوێ ژمارە(617) |
| ئاسۆی خوێندکاران | بڵاوکراوە | دواناوەندی شکاک | 1994 | سلێمانی | 5 | |
| هەگبە | گۆڤار | لقی سلێمانی | 1994 | سلێمانی | 1 | |
| ڕێبازی خوێندکاران | ڕۆژنامە | مەکتەبی سکرتاریەت | 1995 | سلێمانی | 29 | خولی سێیەم (1) |
| خوێندکاری نوێ | ڕۆژنامە | مەکتەبی سکرتاریەت | 1995 | هەولێر | 1 | |
| چرۆ | گۆڤار | کۆمیتەی کۆیە | 1995 | کۆیە | | |
| داهێنان | ڕۆژنامە | کۆلێژی ئاداب | 1996 | هەولێر | 4 | |
| کۆڕەك | بڵاوکراوە | | 1996 | ڕواندوز | 1 | |
| ئاتەش | گۆڤار | لێژ.پ.ت.هەولێر | 1996 | هەولێر | 2 | |
| هیومانیزم | بڵاوکراوە | لێژ.کۆلێژی کارگێڕی | 1996 | هەولێر | 1 | |

بۆ ئەم بیبلۆگرافیایە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە(2)

**5- ئەنجام**

1. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە سەروبەندی ڕاپەڕینی (بەهاری )1991، خاوەنی هیچ دەزگا و ئۆرگان و ڕێکخستنێك نەبووە، بەڵکو چەند گروپ و دەستەیەکی جیا لە یەکتربوون، دەکرێت بووترێ تاوەکو ئەو ساتە ڕێکخراوێك بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکاران بوونی نەبووە.
2. هەرچەندە ویسترا ئەم ڕێکخراوە بە ئاقرێکی بورای کاری ڕێکخراوەییدا ببرێت، بەڵام هاوشێوەی ڕێکخراوەکانی تر بوو بە بەشێك لە جێبەجێکردنی کارنامەی حیزب، ململانێ حیزبی بە ڕوونی لە نێو ئۆرگانەکانی کۆمەڵەکەدا بەدی دەکرێت، بەجۆرێك هیچ بەرپرسێکی باڵای کۆمەڵەی خوێندکاران بەبێ پاڵپشتی ڕەوتێکی نێو حیزب نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت.
3. لە پێگەیاندنی کاردیری خاوەن بیروباوەڕ و ڕۆشنبیر، کۆمەڵەی خوێندکاران ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە .

---

(1) ژمارە (1) لە ساڵی 1981 بڵاوکراوەتەوە، لە خولی یەکەم و دووەمدا بە شێوەی گۆڤار بووە و (13)ژمارەی دەرکراوە، لە خولی سێیەمدا لە ساڵی (1995) کراوە بە ڕۆژنامە و (29) ژمارەی لێدەرچووە، لە ژمارە (30)ەوە جارێکی تر کراوەتەوە بە گۆڤار و (6) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

(2) (بابۆڵی، 2013، ل143-163)، ( عومەر، 2009)، (زەنگەنە و نەبەز، 2011)، ( زەنگەنە، 1998)، (تەنیا، 2013)، (بارام، 2012)، (قادر، 2007، ل18)، (ردێنی، 2006)، (ڕۆستی، 1997، ل2)، ( ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندکاران)، 1998، ل5،6)، (هاشم، 2000، ل5)، (حەمە غەریب، 2000، ل5)، (ڕەسوڵ: ، 2001، ل5)، (ڕۆژنامەی (ئاڵای هەڵبژاردن)، 1994، ل8).

4. هەڵوێستی ئەم ڕێکخراوە لە کۆی ڕووداوەکانی کوردستان لە ماوەی توێژینەوەکەدا، هاوتەریبی هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.
5. کۆمەڵەی خوێندکاران بایەخێکی زۆری بە بواری ڕۆژنامەگەری داوە، بەڵام بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکانیان ئەوەندەی بایەخیان بە کێشە و گرفتەکانی توێژی قوتابیان نەداوە، بەڵکۆ زیاتر جەختیان لە گەیاندنی پەیامی سیاسی کردووەتەوە.

## 6- پەراوێزەکان:

(1) شوان سەعید: ناسراو بووە بە شامیل لە ساڵی (1957) لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە دوای هەرەسی شۆڕش لە (1975)، وەکو ئەندامێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەستی بە سەرپەرشتیکردنی چالاکی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن کردووە. دواجار ئەرکی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە قوتابیانی پێدەسپێردرێت و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە ساڵی (1976) یەکێتی خوێندکارانی کوردستان دادەمەزرێنن. لە ساڵی (1977) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەکەونە بۆسەی چەند چەکدارێکی (پ.د.ک)ەوە، لە (3ی ئەیلولی 1977) بە نارنجۆك کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە (فەوزی، 2001، ل25-26).

(2) ئەم یاسایە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ڕێکخراوەکان و پەیدابوونی زانیاری زیاتر لەسەر کاری ڕێکخراوەیی دوو جار یاساکاری تێدا ئەنجام درا، لە (24ی تشرینی یەکەمی 2001)، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (15)ی ساڵی (2001)ی بەناوی (یاسای ڕێکخراوە کوردستانییە غەیرە حکوومیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق) دەرکرد. جارێکی دیکەش لە (6ی نیسانی 2011)، ڕاستکردنەوەیەکی تری بۆ یاساکە کرد، یاسای ژمارە (1)ی بە ناوی (یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا) دەرکرد. گرنگی ڕێکخراوەکانی ئەمڕۆ لە دوێنێ زیاترە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (کۆمەڵگەی مەدەنی، 2016، ل6).

(3) لێژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە (سمکۆ محەمەد، سمکۆ ئەسعەد، بەهار حمە مستەفا، کەمال ئەبوبەکر و تاهیر حمەساڵح) بوون (پەری أ، 1999، ل9).

(4) کۆمیتەی هاریکاری کۆمیتەیەکی هاوبەش بوو لە (20ی تەمووزی 1997) لە نێوان ڕێکخراوەکانی دەڤەری سلێمانی، کە پێکهاتبوون لە: (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، یەکێتی خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوانی دیموکراسیخوازی کوردستان، یەکێتی خوێندکاران و لاوانی پارێزگارانی کوردستان، ڕابوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان) پێکهێنرا. (ساڵنامەی (هاریکاری)، 2001، ل1).

## 7- لیستی سەرچاوەکان :


**بەڵگەنامە**

1. بەڵگەنامە،(20ی تەمووزی 1991)، بەیاننامەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان، شەقڵاوە.
2. بەڵگەنامە،(4ی ئایاری 1995)، کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی.

**پرۆگرام و پەیڕەو**

3. پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان، 1991، هەولێر.
4. پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم، 1994، هەولێر.

**نامە ئەکادیمییەکان**

5. ڕەشید، چیا فایەق (2012)، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەشەپێدانی تواناکانی گەنجدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
6. عەبدوڵڵا، سەلام عەبدولکەریم (2014)، پارتی کرێکارانی کوردستان لە پەیوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا (1980-1999)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**کێب بە زمانی کوردی**

7. ئەسەسەرد، فەرید (2013)، ئینسکۆپیدیای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم، بەرگی دووەم ، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی،ن،ك)، سلێمانی.
8. بابۆڵی، محەمەد (2013)، ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
9. بارام، حەسەن (2012)، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق 1816-2000، چاپخانەی ڕەهەند، هەولێر.
10. تەنیا، ئیسماعیل (2013)، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی (1975-1993)، هەولێر.
11. حەسەن، سلێمان مستەفا (2017)، کورد و یەکەم ئەزموون، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

12. حەمەکەریم، هێرش عەبدوڵلا (2013)، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ 1991-2003، چاپخانەی تاران، ئێران.

13. ردێنی، وەصفی حەسەن (2006)، رۆژنامەگەریا دەڤەرا بەهدینان، چاپخانەی حەجی هاشم، هەولێر.

14. رەسول، فاتح (2007)، مشتێك لە پاشماوەی خەرمان، هەولێر.

15. رەشید، سەڵاح (2020)، شەڕی ناوخۆی کورد، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

16. زەنگەنە، عبداللە (1998)، ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستان دوای ڕاپەڕین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

17. زەنگەنە و نەبەز، عەبدوڵلا، جەمال (2011) ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی، هەولێر.

18. عەلی و ئەحمەد شوعلە، پێشرەو (2001)، لێدوانی بەڵگەنامەکانی شەهیدا شوان هەلی سەعید (شامیل)، سلێمانی.

19. عومەر، سەروەر عەبدولڕەحمان (2009)، ڕۆژنامەنوسیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان(2005-1981)، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (چاودێر)، سلێمانی.

20. فەوزی، سامان (2001)، شەهید شوان ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری راگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی.

21. فتح الله، کیفی عبداللە (2002)، کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاران، سەنتەری هاموون، کۆیە.

22. عەلی، قادر کاروان (2007)، رۆژنامەگەری تایبەتمەند، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکووك.

23. کڵێسەیی، ئومێد مەلاتاهیر (2005)، یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان 1976-1989، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

24. هوف، ڕوود (1992)، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق، وەرگێڕان: صفوت رشید صدقی، ئەمستردام.

**چاوپێکەوتن**

25. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ خەلیل عوسمان حەمەدئەمین (4ی نیسانی, 2022)، سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ساڵانی (1996-2001)، هەولێر.

26. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ساڵح عوسمان خضر (25ی کانوونی دووەمی, 2022)، سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ساڵانی (1995-1996)، سلێمانی.

27. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سمکۆ محەمەد عەبدوڵلا (12ی شوباتی, 2022)، ئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە (1994-1996)، لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنییەوە.

28. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کامەران ئیسحاق پەری (21ی کانوونی یەکەمی, 2022)، ئەندامی ئەنجوومەنی تەنفیزی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ساڵانی (1994-1999) سوید، لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنییەوە.

29. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لەتیف شێخ عومەر (27ی شوباتی, 2022)، یەکێك لە دامەزرێنەران و سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان( 1992-1994)، هەولێر.

**کتێب بە زمانی عەرەبی**

30. عقیلی، عمر وصفی (2010)، المنظمة ونظریة التنظیم، دار زهران للنشر والتوزیع، عمان.

**ڕۆژنامە و گۆڤار**

31. ئەحمەد، پێشڕەو (2001)، قافڵەی قەڵەم و قوربانی، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بەشی دووەم، نیسانی 2001، ژمارە (2437)، سلێمانی.

32. پەری، کامەران ئیسحاق (1999) أ، رووەو کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، (نیسانی 1999)، ژمارە (1848)، سلێمانی.

33. پەری، کامەران ئیسحاق (1999)ب، 18ی شوباتی 1953 دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕێکخراوەیی خوێندکارانی کوردستان ، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، شوباتی 1999، ژمارە (1806)، سلێمانی.

34. جەلال، هەڵگورد، ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و کاریگەرییان، گۆڤاری (ئاماژە)، (تەمووزی 2001)، ژمارە (4)، سلێمانی.

35. حەمە غەریب، سامان (2000)، رۆڵی كۆمەڵەی خوێندكاران لە پێشكەوتنی رۆژنامەگەریی كوردیدا، ڕۆژنامەی (گۆڕان)، ئەیلوولی 2000، ژمارە (29)، سلێمانی.

36. دەرسیم (1997)، خوێندكار یا قوتابی، ڕۆژنامەی(ڕێگای كوردستان)، ژمارە ژمارە (253)، ئایاری 1997، هەولێر.

37. رەسوڵ، هێرش (2001)، سەرەقەڵەمێك لە بەخششی كۆمەڵەی خوێندكاران لە بواری راگەیاندندا، ڕۆژنامەی (گۆڕان)، نیسانی 2001، ژمارە (51)، سلێمانی.

38. ڕۆستایی، دەرباز، (1995)، بیرەوەریەكانی خۆڕێكخستنەوە، ڕۆژنامەی (خوێندكاری نوێ)، نیسانی 1995، ژمارە (1)، سلێمانی.

39. ڕۆستی، نەجات مستەفا (1997)، 21ساڵ خەباتی نەپساوە و پڕ سەروەری، ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندكاران)، نیسانی 1997، ژمارە (18)، سلێمانی.

40. ڕێكانی، محمد(2002)، دەسەڵاتەكانی كۆنگرە لە ناوەوەی كۆنگرە و لە دەرەوەی كۆنگرە، ڕۆژنامەی (داهێنان)، ئابی 2002، ژمارە (81)، هەولێر.

41. شێروانی، نامق ئەمیر (2000)، چەپكێ وشەی یادەوەری بۆ ساڵیادی كۆمەڵەی خوێندكاران، رۆژنامەی (گۆڕان)، نیسانی 2000، ژمارە (24) .

42. غازی حەسەن، و تاریق جامباز (2000)، رۆژنامەگەری پاشكۆ پێویستییەكی هەمیشەیی ڕۆژنامەگەری كوردییە، گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)، (نیسانی 2000)، ژمارە (1)، هەولێر.

43. غەفور، لوقمان (2002)، چاوپێكەوتن لەگەڵ (سەمەد محەمەد) سكرتێری(ك،خ،ك)، ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، نیسانی 2002، ژمارە (1740)، سلێمانی.

44. كەریم، كەمال ئەبوبەكر (1993)، لە ویژدانی ئەرشیفی كارەوە، ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ئاداری 1993، ژمارە (341)، سلێمانی.

45. كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان و یوبیلی زیوینی بزوتنەوەی خوێندكاریی (2001)، ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، تەمووزی 2001، ژمارە (2514).

46. مەلا بەختیار (1998)، ساڵڕۆژی یەكێتی و دەربەستی خوێندكاران، گۆڤاری (ڕێبازی خوێندكاران)، حوزەیرانی 1998، ژمارە (27)، سلێمانی.

47. نورالدین، (1993) كورتەیەك لە مێژووی بزاڤی خوێندكاران لە عێراق و كوردستان، گۆڤاری (كازیوە)، (تەمووز و ئابی 1993) ژمارە (3-4)، هەولێر.

48. هاشم، داهێن (2000)، سەرنجێك لە رۆژنامەگەری خوێندكاری، ڕۆژنامەی (گۆڕان)، ئابی 2000، ژمارە(8)، سلێمانی.

49. ڕۆژنامەی (ئاڵای هەڵبژاردن)، پاشكۆی ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ( شوباتی 1994)، ژمارە (617)، سلێمانی.

50. گۆڤاری (چەرموو)، (ئابی 1992)، ژمارە (2)، چەمچەماڵ.

51. گۆڤاری (نواڵە)، (تشرینی یەكەمی 1991)، ژمارە (3)، سلێمانی.

52. ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندكاران)، (نیسانی 1997)، ژمارە (17) ،سلێمانی.

53. ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندكاران)، (ئەیلوولی 1997)، ژمارە (21)، سلێمانی.

54. ڕۆژنامەی (ڕێبازی خوێندكاران)، (تشرینی یەكەمی 1997)، ژمارە (22)، سلێمانی.

55. ڕۆژنامەی (ریبازی خوێندكاران)، نیسانی 1998، ژمارە (25)، سلێمانی.

56. ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ) (1994)،كۆنگرەی یەكەمی كۆمەڵەی خوێندكاران و لاوانی كوردستان، (تشرینی دووەمی 1994)،ژمارە (847).

57. ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، (تشرینی دووەمی 1994)، ژمارە (848)، سلێمانی.

58. ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ ،(1994)ڕاگەیەنراوی كۆتایی یەكەمین كۆنگرەی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان، ژمارە (851).

59. ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، (كانوونی یەكەمی 1994)، ژمارە (857)، سلێمانی.

60. رۆژنامەی (گۆڕان)، (نیسانی 2000)، ژمارە (24)، سلێمانی.

61. ڕۆژنامەی (وقایعی كوردستان)، یاسای كۆمەڵەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق، (تشرینی دووەمی 1993)، ژمارە (15)، هەولێر.

62. ساڵنامەی (هاریكاری)، (تەمووزی 2001، ژمارەی (تایبەت)، سلێمانی.

**جمعية طلبة كوردستان (1991-1996)**

**زانا يادكار ستار**
قسم التأريخ, كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل
(zanayadgar@yahoo.com) (07701584035)

**دلشاد محمود عبدالرحمن**
قسم التأريخ, كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل
(dilshad.m.a@su.edu.krd) (07504684979)

**ملخص**

يعتبر العمل التنظيمي في كافة مجالاته من أبرز سمات المجتمع المدني. شكلت المنظمات الطلابية مساحة واسعة في العمل التنظيمي. على الرغم من أن بروز منظمات المجتمع المدني في كردستان هو أكثر من مصادفة مرتبطة بالأحزاب السياسية ، إلا أن تلك المنظمات تمكنت أيضًا من خدمة الطلاب والمؤسسات التعليمية. في هذه الدراسة يكون تنظيم (جمعية طلبة كوردستان) هو محور التحقيق. على الرغم من أنه لا يمكن تقديم جميع جوانب العمل التنظيمي لهذه الجمعية ، إلا أنه تم بذل محاولة لتوضيح مفاهيم تاريخها.

وبحث الدراسة ووضحت المواقف والظروف التي مر بها تنظيم اتحاد طلاب كوردستان بعد انتفاضة كوردستان عام 1991، وكذلك المؤتمرات الداخلية والمؤتمرات للمنظمة والتي تشير إلى الخلافات والانقسامات والتوجهات المختلفة. مع في الجمعية. ثم تم عرض موقف الجمعية وأدوارها خلال أحداث إقليم كردستان العراق ، خاصة خلال الحرب الأهلية. وأخيراً تم وصف وتوضيح أدوار الجمعية في مجال الصحافة.

**الكلمة مهمة:** طالب، المنظمة, المجتمع المدني

**Kurdistan Students Association (1991-1996)**

**Zan Yadgar Sattar**
Department of history, College of Art,
Salahaddin University-Erbil
zanayadgar@yahoo.com

**Dlshad Mahmud Abdulrahman**
Department of history, College of Art,
Salahaddin University-Erbil
dilshad.m.a@su.edu.krd

**Abstract**

Organizational work in all its fields is one of the most prominent features of civil society. The student organizations have formed a broad space in organizational work. Although the prominence of civil society organizations in Kurdistan is more political party related coincidence,  but those organizations have also been able to serve the students and educational institutions. In this study, the organization of (Kurdistan Students Association) is the focus of the investigation.  although it is not possible to present all aspects of the organizational work of this association, but an attempt has been made to clarify the concepts of its history.

The study investigated and explained the situations and circumstances which the  organization of Kurdistan Students Association has experienced after the Kurdistan Uprising in the year of 1991, as well as the internal conferences and conferences of the organization which is referred to the conflicts, divisions and different directions with in the association. Then the position and roles of the association was presented during the events inside the Kurdistan region of Iraq, especially during the civil war. Finally the roles of the association in the field of journalism has been described and demonstrated.

**Keywords**: Students ,organization, Civil society.